سەید حەکیم لە کاتدرائیەی مار یوسف پیرزبایی رۆژی لەدایك بوونی کرد و رەسنایەتی کریستیانەکانی لەعیراق دووپات کردەوە



لە کارتدائیەی مار یوسفی کلدانە کاتولیکییەکان لەبەغدا و بەئامادەبوونی کاردینال لویس ساکە بەتریارکی هەمو کلدانەکانی عیراق و جیهان و ئامادەبوونی بەریز محەمەد شیاع سوودانی سەرکی ئینجومەنی وەزیران، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هەزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پیرزبایی لە سەرجەم کریستیانەکانی عیراق و جیهان کرد بەبۆنەی رۆژی لەدایکبوونی شکداری سەیدی مەسیح (سلاوی لە بێت لەگڵ پێغەمبەری خەمان) و ڕوونی کردەوە کە پێکهاتەی مەسیحی پێکهاتەیەکی عیراقی رەسەنە و جێگای شانازی هەموو عیراقییەکانە.

سەماحەتی سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە سەیدی مەسیح و خاتوون مەریەم (سلاویان لە بێت) هەردووکیان ناونیشانی گەورەن لە ڕۆشنبیری ئیسلامی و هەمای پاکن بە پیرزی و پاکی و بە گەردی.

.سەماحەتی ئاماژەی بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرز کرد کە باسی سەیدی مەسیح و خاتوونی مەریەمی کردەوە و دووپایت کردەوەش کە جۆرنکانی لەدایك بوونی شکدار پێیامێکی هاوپەیمانتیەیە و ڕیشتنە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەر و پێیامنران.

. هەروەها سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی پاراستنی ژنان لە تونددوتیژی خەزانی و کۆمەڵایەتی کردەوە و ئەو شتانەی باسکردەوە کە خاتوو مەریەم بەسەریدا هاتووە و داوای پێیەوی کردنی کەلتووری ئاشتی و پێکەوەژیان کرد بە پتەوکردنی برایەتی و ئینتیمای نیشتمانی لە نەوان ڕەگەکانی خەڵکی عیراقدا..

سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوەش کە چینی سیاسی گرنگی بە پێکهێنانی حکومەت و کەکردنەوەی دەستکەوتی ئەرێنی و بەرەوپێشچوون لەسەر ئاسایش و سەقامگیری و بوژاندنەوە دەدات بەشەویەک کە سەرکەوتنە بەدەستهاتووەکان باشتر بکاتەوە.